کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-6-2007 18:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نامەیەک بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی فەرماندەی گشتی لە شکری کوردستان... سەرکەوت سامی (کوڕە شەهیدێک)

بەرێزم ناچار بووم بە نامەیەکی کورت، ئێوەی دڵسۆزو خەمخۆری گەلەکەمان لەم زانیاریانە ئاگادار بکەمەوە، کە تایبەتن بە چۆنێتی پێکهاتەی لەشکری پێشمەرگەی کوردستان.
شتێکی حاشا هەڵنەگرە، کە ئەوەی بە دەست هاتووە، یا بە دەستیش دێت، هەر بەخوێنی ئاڵی شەهیدانی کوردستان و ماندووبوونی خەباتی پێشمەرگەی کوردستانە.
بەڵام دەبی خوێندنەوەمان بۆ قۆناغەکانی ڕابردوو جیاواز بێت لەگەڵ ئەمڕۆ هەنگاونان بەرەو دوا قۆناغی سەربەخۆی گەلەکەمان، ئەویش بە ڕێکخستنەوەی پێشمەرگەو دانانی کەسانی شیاو لە شوێنی شیاو، دور لە خزمایەتی و دۆستایەتی و بە سوود وەرگرتن لە کایە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگا، کە ئەمڕۆ زۆربەی دام و دەزگا حزبی و حکومیەکانی تووشی ئیفلیجی و لێکترازان و هەڵوەشاندنەوە کردووە!! ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئومێدو هیواکان لە نێو منداڵانی ئەم حکومەتەدا پێش لە دایك بوونیان بەمردنێکی حەتمی زیندەبەچاڵ دەکرێن!!
بەڕێزم ... ئەوەی ئێوەی پێ ئاشنا دەکەم مشتێکی نێو خەرواری پێکهاتەی وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستانە، کە من وەك کوڕەشەهێدێکی ئەم کوردستانە کە باوکم خوێنی لە پێناودا بە خشیوە، بە چاوی خۆم وبە هەستەکانی خۆم لێی ئاگادارم!
بڕوانن ... چۆن و بە چ شێوازێك پلەی سەربازی دابەشکراوە بەسەر ئەو کەسانەی کە پشتیوانی گەورەیان لە پشتە؟!
باوەڕبکەن هەرچی فەرماندە هەیە لە لەشکری کوردستان لە سنوری کەرکوك و سلێمانی و گەرمیان و هەولێر و دهۆك و بادینان و بەبارزانیشەوە، ئەوەی کوڕێکی هەبێت، ئەگەر نەخوێندەواریش بێت، ئەوا کراوەتە ئەفسەرو پلەی ملازم و سەرەوەتری پێدراوە وەك ویراسە (پشتاوپشت) بۆی ماوەتەوە!! کوڕە مەسئول هەیە تا پۆلی دووەمی ناوەندی تەواو کردوەو کراوەتە رائیدی سەربازی لەدایك بووی (1985) ە تەواوی منداڵە مەسئولەکان بە خوێندەوارو نەخوێندەوارەوە بە بێ ڕەچاوکردنیساڵی لە دایك بوونیان لە شەو ڕۆژێکدا کراونەتە (قائید) تەنها بۆ موچەکانیان ویەك ڕۆژیش دەوامیان نەکردوە چونکە شەرم دەکەن بێنە ناو سوپاوە هەر لە بەر ئەوەی زۆر بچوکن!!
لە هەمووی سەمەرەتر ئەوەیە هەرچی پاسەوانە دڵسۆزەکانی فەرماندەکان کراونەتە نەقیب بۆ سەرەوە!!
تەنانەت موعجیزەش لەم لەشکرە خۆڵقاوە بەوەی کە کوڕە مەسئولی وەها هەیە لە دوای نەقیب و سەفەرێکی قاچاخی بۆ یونان گەڕانەوەی ئێستا کراوەتە مقدەم!!
ئیتر با مزۆریەکانی چواردەوری مامۆستا عەبدولعەزیز بوەستێت لە چایچی و کارگوزارو حزم و دۆستەکانی بە تێکڕای دەنگ کراونەتە ملازم بۆ سەرەوە، بێئەوەی خوێندەواریشیان هەبێت؟!
بەرێزم... ئابەم لەشکرە زۆرو بۆرەوە ناتوانین بەرەنگاری نەك تورکیا بەڵکو گروپی سەدریەکانیش ببینەوە!! لەبەر ئەوەی بەپێ ئامارێك لە سەدا چلی لەشکری کوردستان پەنا دیوارەو تەنها بۆ موچەکانیان ناونووس کراون!! ئەندامی فەرماندەی لەشکری کوردستان هەیە 170 پاسەوانی بۆ خۆی نووسیوەو 40 پاسەوانی نیە وباقیەکەی وەهمیە!!ئاوەها داوای حکومەتی کوردی و سەربەخۆی دەکەین؟!
گەنج دەناسم لە ولایەتی فریجینیای ئەمریکیەو مانگانە موچەی پێشمەرگایەتیەکەی بۆ دەدەنە دەست خوشکەکانی!! دڵنیام سبەینی وەزارەتی بەرگری عێراقی لەسەر ئەم گەندەڵیە لەگەڵ کوردا دەبێتە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کێشەی و ئەونیش مافی خۆیانە!! کوڕەمەسئول دەناسم ئێستا قوتابی پەیمانگایەو لای باوکی کراوەتە نەقیب!!
گورەم.. تا زووە ئەو گەندەڵیانە لە نێو لە شکری کوردستان هەڵتەکێنەو بڕیارێکی لێبدە ونابێت کوڕە مەسئولەکان بێئەوەی دەوراتیان تەواو کردبێت و تەنانەت حساب بۆ ساڵی لە دایك بوونیش بکرێت و تواناو زیرەکی و ئارەزووش لە بەرچاو بگیرێت، ئەوسا کێ دەیەوێت ببێتە پێشمەرگە کوڕی هەرکەسێکە مافی خۆیەتی ودڵنیاشم بەم هەنگاوە دەمانگەیەنێتە کەناری سەربەخۆی، بە پێچەوانەشەوە گەر ئەو دیاردانە بەردەوام بن، ئەوا تەنها دەتوانین لە شوێنی خۆمان، لە جوڵەیەکی وەستاودابین تا ساتەکانی ئیفلیج بوونی لەشکری کوردستان و نەتوانین بەرگری لەوەش بکەین کە بە دەستمان هێناوە.. !! داوای لێبووردن دەکەم لەم نووسینە، بەڵام ناچاربووم، بنووسم، تەنها بۆ تۆی سەرکردەی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.